# شاعیرو رۆژنامەنووس (محەمەد عەفیف حوسەینی): "ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری نێوان نەتەوەکان لەڕێی وەرگێڕانەوە دێتە بەرهەم"


پۆرتریتی محەمەد عەفیف

دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن

شاعیرورۆژنامەنووس (محەمەد عەفیف حوسەینی) لەدایکبووی ساڵی 1957ی عامودایەو لەساڵی 1989ەوە لەسوید نیشتەجێیە. سەرنوسەری گۆڤاری (حجلنامە)و سەرپەرشتیاری بەشی عەرەبی سایتی (تیرێژە)، خاوەن پێنج کۆمەڵە شیعری چاپکراوو یەك بەرهەمی چیرۆکە. بەرهەمەکانی لەزۆرێك لەبڵاوکراوە گەورە عەرەبیەکاندا بڵاوکراوەتەوە.. لەسەردانێکی بۆ شاری سلێمانیو لەپەراوێزی فێستیڤاڵی ساڵانەی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ چاومان پێیکەوتو ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازکرد:.

***چۆن دەڕواننە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کەلتوریو ئەدەبی نێوان کوردو نەتەوەکانی دراوسێیو ئاستی وەرگێڕانو ئاڵوگۆڕی کەلتوری نێوان نەتەوە جیاوازەکان چۆن دەبینیت؟**

–ئاواتەخوازم کە دایەلۆكو چالاکیەکانی فێستیڤاڵە ئەدەبیەکان بەرفراوان بکرێت تا ئاستی وەرگێڕان، بەنموونە وەرگێڕانی شیعری عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی، شیعری فارسی بۆ کوردی، دواجار وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ سەر هەردوو زمانی عەرەبیو فارسی، ئەم کارەش دەوەستێتە سەر ئاستی بەردەوامی گۆڤارە رۆشنبیرییەکان چ عەرەبیەکان یاخود فارسی یاخود کوردی یاخود تورکیەکان.

بەواتایەکی تر بەردەوامی پێگەیشتنی رۆشنبیری نێوان هاوسێکانی کورد، نێوان کوردو دراوسێکانی لەفارسو تورکو عەرەب. شتێکی گرنگی تریش ئەوەیە کە ئەم دایەلۆکانە وا باشە تۆماربکرێتو وەربگێڕدرێتو بڵاوبکرێتەوە لەڕۆژنامەکاندا یاخود لەگۆڤارە تایبەتمەندەکان وەك گۆڤاری سەردەمی عەرەبی.

***تا چەند رەزامەندی لەپرۆسەی ئەو جۆرە وەرگێڕانەی کە ئاماژەت پێدا؟**



محەمەد عەفیف و سەلیم بەرەکات

-بێگومان ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری نێوان نەتەوەکان لەڕێی وەرگێڕانەوە دێتە بەرهەم، بەلاّم ئەو تێبینییەی کە دەکرێت لەسەری رابوەستم بریتییە لەجۆری ئەم وەرگێڕانەو ئاستی وردبینییان بەتایبەت سەبارەت بەوەرگێڕانی شیعر، هەروەک ئاشکراشە ئەو کاتەی شیعر وەردەگێڕدرێت بۆ زمانەکانی تر بەهاو وێنە شیعرییەکەی لەدەست دەدا، من دەزانم لەکوردستاندا ژمارەیەکی باش لەدەستەبژێری باشی وەرگێڕی کورد هەیە ئەوانەی لەفارسیەوە بابەت وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، لەعەرەبییەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەوە.

***تا چەند ئاگاداری رێڕەوی شیعری کوردی چ لەسوریا یاخود لەکوردستانی عیراق و هاوسێکانی؟**

-بەهۆی کارەکەم وەک سەرنوسەری گۆڤاری (حجلنامە)و سەرپەرشتیکردنی بەشی عەرەبی سایتی (تیریژ) ئاگاداری شیعری کوردیم بەشێوەیەکی گشتی، پێم وا بێت ئەم ئاگادارییەشم لەشیعری کوردی زۆر وردە. لەگەڵ ئەوەی کە شێوەزاری سۆرانیش نازانم، بەلاّم لەڕێگەی وەرگێڕان و سەرنجدان و پێداچوونەوەی دەقە شیعرییەکان و پەیوەندیکردنم بەشاعیرەکانەوەو لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانەوە ئەوەم لەلا دروست بووە کە شیعری کوردی خاوەن بەهایەکی بەهێزەو بەتایبەت لەدوای دامەزراندنی سایتە ئەلەکترۆنیە کوردییەکان چ بەزمانی عەرەبی یاخود کوردی ئەم رێڕەوە شیعرییە لەگەشەکردنێکی گەورەدایەو بۆتە خاوەن رێچکەو شێوازی خۆی، بەنموونە دە ساڵ لەمەوبەر خوێنەری عەرەب جگە لەشێرکۆ بێکەس و سەلیم بەرەکات لەشیعری کوردیدا کەسی تری نەدەناسی. بەلاّم ئێستاکە بازنەکە بەرفراوانتر بووەو کۆمەڵێك ناوی شیعری لەنەوەی پێشوو و نەوەی هاوچەرخی نوێخواز بەدی دەکەین، وەك: (رۆژ هەڵەبجەیی، کەژاڵ ئەحمەد، کەژاڵ خدر)و ژمارەیەکی زۆر لەناوی تر بێگومان ئەمە سەرەڕای چەند ناوێکی تری وەك: (کەریم دەشتی، ئەنوەر مەسیفی، دڵشاد عەبدوڵڵا، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، قوبادی جەلی زادە) واتا من ئاگاداری سەرجەمی ئەم ئەزموونە شیعریانەم.

لەسایتە عەرەبییەکانیشدا بەهەمان شێوە ئەوە بەدی دەکەین کە شیعری کوردی وەرگێڕدراو بەهێزێکی باشەوە ئامادەبوونی هەیە بەنموونە سایتی (ئیلاف، کیکا، سایتی-جهە الشعر-کە (قاسم حداد)ی شاعیر سەرپەرشتی دەکات.

***ئایا پرۆسەی وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ زمانەکانی تر وەك پێویست گەیشتووە بەخوێنەری غەیرە کورد؟**

-پێم وانیە ئەم شیعرە وەرگێڕدراوە وەك پێویست گەیشتبێت، بەلاّم دەتوانین بڵێین تا رادەیەك گەیشتووە بەنموونە دیوانێکی هەڵبژاردەی شاعیر (شێرکۆ بێکەس) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سویدی و چەند مانگێکیش لەمەوبەر کۆمەڵە شیعرێکی سەلیم

بەرەکات وەرگێڕدرایە سەر زمانی سویدی، سەبارەت بەشیعری خۆشم چەند قەسیدەیەکم وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سویدیو ئیسپانی. بەواتای ئەوەی کە کۆمەڵێك شاعیر شیعرەکانیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە ئەوروپییەکان.

بەڵام سەبارەت بەزمانی عەرەبی ئەوا پێم وایە زۆرێك لەشاعیرانی کورد نەك تەنها شاعیرانی کوردستانی عیراق بەڵکو شاعیرانی کوردی تورکیاو ئێران شیعرەکانیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی وەك نموونەش تەنها ناوێك بەبیر دەهێنمەوە کە ئەویش (ئەحمەد عارف)ی شاعیری کوردە کە بەزمانی تورکی دەنوسێتو من خۆم چەند قەسیدەیەکی ئەوم وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبیو لەگۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاوم کردەوە.

***باست لەئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس کرد، ئەم ئەزموونە شیعرییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

-بێگومان سەبارەت بەشێرکۆ بێکەس یەکەم شت ئەو هاوڕێمەو 15ساڵ لەمەوبەر لەستۆکهۆڵم یەکترمان ناسیو یادەوەرییەکی زۆرمان پێکەوە هەیە لەشەوە ساردەکانی ستۆکهۆڵمو لەقاوەخانەو کتێبخانەو شەقامەکانیدا، هەر بۆیە ئەم ئەزموونەو هاوڕێیەتییە راستەوخۆ بووە ئاڵوگۆڕێکی شیعری لەنێوان منو شێرکۆ بێکەس، لەدوای ئەوەی کوردستان ئازاد کرا شێرکۆ لەسویدەوە گەڕایەوە بۆ کوردستانو من هەر لەسوید مامەوە، بەڵام پەیوەندییەکانمان لەڕێگەی ئاگاداربوون لەبەرهەمە شیعرییەکانیو لەڕێگەی دەزگای سەردەمەوە بەردەوام بوو، شێرکۆ بێگومان دەنگێکی شیعری کوردی جیاوازەو شانازی بەوەوە دەکەم کە ئەم ئەزموونە هەرەبالایە هی هاوڕێیەکی خۆمە کە ناوی (شێرکۆ بێکەس)ە.

***تا چەند ئاگاداری ئەزموونی شیعری نەوەی نوێیت؟و چۆن ئەم ئەزموونە شیعرییەی لاوەکان دەبینیت؟**

-تا رادەیەك ئاگاداری رێڕەوی شیعری شاعیرە لاوەکانم بەتایبەت بەهۆی ئەنتەرنێتەوە، بەنموونە لەکوردستانی سوریا نەوەیەکی نوێ هەیە کە بەزمانی کوردی دەنوسن کە ئەمەش خاڵێکی هەرە گرنگە، ئێمە نەوەیەك بوین کە بەزمانی عەرەبی دەماننوسیو بەهۆی زەمەنو رۆژگاری ئەو کاتەو بۆ چەندین ساڵ نەمانتوانی خۆمان لەمە رزگار بکەین.

کۆمەڵێك ناو هەیە کە بەڕاستی داهێنەرن لەکوردستانی سوریا، بەنموونەش بەتەنها باس لە(دیلان شەوقی) دەکەم کە قەسیدەی شیعری جوانو ساکارو هاوچەرخ دەنوسێت، سەبارەت بەکوردستانی تورکیا بەداخەوە زۆر ئاگاداری ئەزموونی شیعری لاوەکان نیم، بەڵام بێگومان چەندین شاعیری لاو لەکوردستانی تورکیا هەیەو من ناتوانم ئەزمونەکانیان هەڵسەنگێنم.

لەکوردستانی ئێرانیش کچە شاعیرێکی گرنگ هەبوو کە بەڕوداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد کە ناوی (ژیللا حوسەینی) بوو. زۆر بەباشی ئاگاداری ئەزموونە شیعرییەکانی بوومو قەدەر لێ بگەڕایە زۆر بەباشی گەشەی دەکرد. لەکوردستانی عیراقیش بەشاعیرێکی نەوەی نوێ ئاشنابووم کە ناوی (سدیق عەلی)ەو لەئەورووپاش کۆمەڵە شاعیرێکی زۆر هەیە، بەڵام ناوەکانیانم بەبیرنایەت.

وای بۆ دەچم کە ئەم نەوە نوێیە بەشێوازێکی جیاواز لەنەوەی ئێمە یاخود نەوەی شێرکۆ بێکەسو سەلیم بەرەکات قەسیدە دەنوسن. ئەمەش مایەی خۆشحاڵی هەموومانە بەواتای ئەوەی ئەم نەوە نوێیەی شیعر قەسیدەیەکی جیاواز لەوانەی پێشوو پێشکەش دەکات.